# ناوبڕی ڤاوڵ لە زمانی کوردیدا
# لێکۆڵینەوەیەکی فۆنۆلۆژییە

د. دلێر سادق کانەبی
زانکۆی سۆران
فاکەڵتی ئاداب
بەشی کوردی

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە بە دوای ئەوەدا دەگەڕێت، کە ناوبڕە ڤاوڵەکانی زمانی کوردی دەست نیشان بکات و ڕێژەی بەکارهێنانی هەریەکەیان بە گوێرەی ئەوانی تر بخاتە ڕوو. ئەوەی تاکو ئێستا لەبارەی ناوبڕ لە زمانی کوردیدا گوتراوە و نوسراوە تەنیا ئەو ناوبڕە کۆنسنانتانەن کە لە نێوان دوو ڤاوڵدا دێن، بە هیچ شێوەیەك باسی ناوبڕی ڤاوڵ نەکراوە، کە بریتیە لە زیاد کردنی فۆنێمێکی ڤاوڵ لە نێوان دوو کۆنسنانت لە سنوری نێوان دوو مۆڕفیمی بەدوای یەکدا هاتوودا. بەربلاوترین ناوبڕی ڤاوڵ لە زمانی کوردیدا ڤاوڵی (ە) و کەمترین ناوبڕی ڤاوڵ (و، ێ)ن.

## ١- پێشەکی

ئەوەی تاکو ئێستا لە بارەی ناوبڕ لە زمانی کوردیدا گوتراوە و نووسراوە، تەنیا ئەو ناوبڕە کۆنسنانتانەن لە نێوان دوو ڤاوڵدا دێن، ئەمەش بۆ مەبەستی ڕێگەگرتنە لە بەدوای یەکداهاتنی دوو ڤاوڵ، کە بەپێی سیستەمی دەنگیی زمانی کوردی ڕێگە پێدراو نیە. گرنگی باسەکە لەوەدایە کە تاکو ئێستا لە زمانی


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

کوردیدا ئاماژە بە ناوبڕی ڤاوڵ لەزمانی کوردیدا نەکراوە. بەباسکردنی ناوبڕی ڤاوڵ لەزمانی کوردیدا سنوور و بواری ناوبڕ فراوانتر دەکات.

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دەدەین وەڵامی چەند پرسیارێك بدەینەوە: ناوبڕی ڤاوڵ چییە؟ و جۆرەکانی کامانن؟ ئایا ئەم جۆرە ناوبڕە لە زمانی کوردیدا هەیە؟ ئەگەر هەیە هۆکاری دروست بوونی چییە؟ دەوروبەرە فۆنۆلۆژییەکانی ناوبڕە ڤاوڵەکان کامانەن؟

ڕێبازی توێژینەوەکەش وەسفی شیکارییە و داتاکانی بریتیە لە وشە داڕێژراوانەی زمانی کوردی، کە لە بنکەیەك و پاشگرێکی وشەداڕێژ پێك هاتوون. ئەمەش دەورووبەرێکی بەربلاّوە بۆ دروست بوونی ناوبڕی ڤاوڵ لە زۆربەی زمانان‌دا. ئەو پاشگرانەی کە لەم توێژینەوەیەدا سوودیان لێوەرگیراوە بریتین لە: (کەر، وان، وا، نۆك، ندە، وار، وەر، یار، لأن، ستان، جاڕ، مان، ك، کە، یان، ڵ، ڵەك، لکە، چە، چك/چکە، ژە، ژگە، مەنی، وانە/وانکە، نگ، ڵوکە/ڵۆ، شە، گ، نگە، مۆ، م، چك، ڕە، نچ، واڵە، ڵ، زاد، تە، ڵۆك، ژنە، وەن، بەر، نی، نین، وایی، ك، ن، لە).

ناوەڕۆکی توێژینەوەکە: لە تەوەرەی یەکەمدا چەمك و پێناسە و زاراوەی ناوبڕ ڕونکراوەتەوە و دواتر پۆلینکردنی جۆرەکانی ناوبڕ دەست نیشان کراون. تەوەرەی دووەم کە تایبەتە بە ناوبڕی ڤاوڵ لە زمانی کوردیدا تیایدا پێناسە و چەمکی ناوبڕی ڤاوڵ ڕوون کراوەتەوە، هۆکاری دەرکەوتنیان و جۆرەکانی دەست نیشان کراوە. دواتر هەموو ئەو ڤاوڵانەی کە توانای ئەوەیان هەیە ببن بە ناوبڕی ڤاوڵ دیارکراون و یاساکانی دەرکەوتنیان خراوەتە ڕوو.

لە کۆتایدا پوختەیەك لە ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان ڕیز کراون.

## ٢- زاراوەی ناوبڕ

لەزمانەوانیدا کۆمەڵێك زاراوە بۆ پرۆسەی زیادکردن و ناوبڕ بەکارهاتوون. بۆ یەکەمیان زاراوەکانی (epenthesis/ addition/insertion) بەکارهاتوون، کە گشتیان بەواتای زیادکردن دێن. لە فەرهەنگی (Merriam Webster)دا هاتووە کە لە ڕووی ئیتمۆلۆژییەوە وشەی (epenthesis) لە سێ مۆرفیم پێکهاتووە (epi) بە واتای سەرەوە، (en) بە واتای ناوەوە و (tithenai) بەواتای دانان دێت.(http://www.werriamwebster.com/dictionary/epenthesis) هەرچی دووەمیانە زاراوەکانی (parasite) و (anaptyctic) ی بۆ بەکارهاتووە. ناوبڕ بە گشتی دەبێت بە چەند جۆرێکەوە، کە بریتین لە ناوبڕی فۆنێمی و ناوبڕی بڕگەیی. ناوبڕی فۆنیمێش بە گوێرەی جۆری فۆنێمەکە دەبێت بە دوو جۆری ترەوە، کە ئەوانیش ناوبڕی ڤاوڵ ( Anaptyxis / insertion vowel anaptyctic vowel / parasite vowel) و ناوبڕی کۆنسنانتی (consonant epenthesis / consonant insertion)ن و هەر یەکە لەم دوانەش بەپێی شوێنی دەرکەوتنیان دەبن بە سێ جۆرەوە: ناوبڕی سەرەتایی (prosthesis)، ناوبڕی ناوەڕاست (excrescence) و ناوبڕی کۆتایی (paragoge).



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## ٣- چەمك و پێناسەی گشتیی ناوبڕ

گەلێك جار وا ڕێکدەکەوێت، کە فۆنێمێکی سەگمینتی بۆ زنجیرەی ئاخاوتن زیاددەکرێت، ئەم پرۆسەیەش لەدەنگسازی (فۆنەتیك و فۆنۆلۆژی)دا بەزیادکردن ناسراوە. زیادکردن ((بە پێچەوانەی کرتان، لە ڕێگەی پرۆسەی زیادکردنەوە دەشێ دەنگێك یاخود بڕگەیەك لە وشەیەکدا زیاد بکرێت.)) (مهدی مشکوه الدینی ١٣٨٥: ١٤١).

ناوبڕیش کە جۆرێکە لە جۆرەکانی کردەی زیادکردن، زمانەوانان بەم شێوەیەی خوارەوە دەیناسێنن:

(مهدی مشکوه الدینی ١٣٨٥: ١٤١) پێیوایە کە ناوبڕ بریتییە لە ((دەنگێك یاخود بڕگەیەك لە وشەیەکدا زیاد بکرێت.))

هەروەها (غازی علی خورشید: ٢٠١) وای بۆ دەچێت کە ((لە هەندێك دۆخدا دەکرێت بزوێنێك یان نەبزوێنێك لە وشەیەکدا پەیدا ببێت یان زیاد بکرێت.))

(آزیتا افراشی١٣٨٦: ٥٩) لای وایە کە ناوبڕ بریتییە لەوەی کە ((کۆنسنانتێك یا ڤاولێك بۆ زنجیرەی یەکە دەنگییە تەکنشینیەکان زیاد دەکرێ.))

(ویکتوریا فرامکین١٣٨٧: ٣٦٥) لەگەڵ ئەوەدایە کە ((یاسا دەنگییەکان دەتوانن ڤاولێك یان کۆنسنانتێك بخەنە نێو وشەیەکەوە کە پێی دەگوترێ (epenthesis). ))

(crowley 1997: 42) وای بۆ دەچێ کە ناوبڕ بریتیتە لە ((زیاد کردنی فۆنێمە لە وشە یان گرێیەکدا.))

ئەوەی تێبینی دەکرێ ئەوەیە کە هەموویان لەسەر ئەوە کۆکن کە ناوبڕ بریتییە لە زیادکردنی کەرەسەیەکی فۆنۆلۆژی، بەڵام؛

- هەندێکیان تەنیا ئاماژە بە زیادکردنی ڤاوڵ و کۆنسونانت دەکەن.
- هەندێکی تریان ئاماژە بە زیادکردنی بڕگەش دەکەن.
- جگە لە (crowley ,1997:42) هەموو ئەوانی تر ئاماژە بەم زیادبوونە دەکەن لەوشەدا، کەچی ئەو باسی ئەم زیادبوونە لە گرێشدا دەکات.

کەواتە دەتوانین بڵێین ناوبڕ بریتییە لەکردەی زیادکردنی فۆنێمێکی کەرتی (ڤاوڵ یا کۆنسونانت) یا زیاتر، یا بڕگەیەك بۆ وشەیەك یا گرێیەك.

## ٤- هۆکارەکانی دەرکەوتنی ناوبڕ

بەگشتی هۆکارەکانی دەرکەوتنی ناوبڕ زۆرن لەوانەش:

- بوونی پێکهاتە یان زنجیرەیەکی ڕێگەپێ نەدراوی فۆنۆلۆژی یان ناسروشتیی دەنگی.
- یەکێکی تر لە هۆکارەکانی هاتنەناوەوەی ڤاوڵ لە وشە یاخود گرێدا بۆ ئەوەیە کە هێشووە کۆنسنانت بشکێنێت.(عالیه کرد زعفرانلو کامبوزیا١٣٨٥: ٢٧٤)

- ((هەر کاتێك لە لێکدانی دەنگەکاندا جۆرێك لە تەکیەکیی نێوان یەکە زمانییەکان بێتە ئاراوە، واتە بەپێی سروشتی دەنگی، زمان قورس بێت)، (علی محمد حق شناس: ١٥٩) بۆ نەهێشتنی ئەو قورسییە لە دەربڕین و سروشتی ئاخاوتندا، ڤاوڵێك دێتە ئارا.

- هەر کاتێك لە لێکدانی دەنگەکاندا جۆرێك لە تەکیەکیی نێوان یەکە زمانییەکان بێتە ئاراوە، پێچەوانەی سیستەمی دەنگیی زمان بێت، بۆ نەهێشتنی ئەم گرفتە یەکەیەکی سەگمێنتی بۆ زنجیرەی ئاخاوتن زیاد دەکرێت.(علی محمد حق شناس: ١٥٩)

- زیادکردنی ڤاوڵێك لە هەندێ شوێندا بەمەبەستی ڕێکخستنی (بەسیستەماتیکیکردنی) بە دوای یەکدا هاتنتە ڕێپێنەدراوەکان، بەکاردێت. (ویکتوریا فرامکین١٣٨٧: ٣٦٥)

## ٥- جۆرەکانی ناوبڕ

زمانەوانان بە گشتی لە دوو ڕوانگەوە باسی ناوبڕیان کردووە، یەکەمیان لە ڕوانگەی فۆڕمی ناوبڕەکە و دووەمیان لە ڕوانگەی جێکەوتە یاخود شوێنی ناوبڕەکەوە. لە ڕوانگەی فۆڕمەوە ئاماژە بە دوو جۆر ناوبڕدەکەن کە بریتین لە ناوبڕی بڕگەیی و ناوبڕی فۆنێمی. ناوبڕی فۆنێمیش دەبێت بە دوو جۆر کە بریتین لە ناوبڕی ڤاوڵ و ناوبڕی کۆنسنانتی. هەرچی لە بارەی جۆرەکانی ناوبڕە لە ڕوانگەی جێکەوتەوە ئاماژە بە سێ جۆر ناوبڕ دەکرێت کە بریتین لە ناوبڕی سەرەتایی، ناوەڕاست و کۆتایی. بەم پێیە دەتوانین پۆلێنێکی گشتی بۆ جۆرەکانی ناو بڕ لەم هێلکارییەی خوارەوەدا بخەینە ڕوو:




هێلکاریی ژمارە -١- جۆرەکانی ناوبڕ

ئەوی جێگای تێڕوانینە ئەوەیە کە ئەوەی تاکو ئێستا لە زمانی کوردیدا لە بارەی ناوبڕەوە وتراوە، تەنیا بریتی بووە لە ناوبڕی کۆنسوناتنی. واتە بە هیچ شێوەیەك باس لە جۆرەکانی تری ناوبڕنەکراوە.


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## ٦- ناوبڕی ڤاوڵ (Anaptyxis)

بریتییە لە دەرکەوتنی ڤاوڵێکی زیادە لە سەرەتا یا ناوەڕاست یا کۆتایی وشە یا بڕگەیەك، بەمەبەستی ئاسانکردنی پرۆسەی درکاندن یا ڕێگریکردن لە دروستبوونی هێشووە کۆنسونانت یا سیستەمێکی ڕێگەپێنەدراوی بڕگەیی.

ناوبڕی ڤاوڵ لەڕووی جێکەوتەوە دەبێت بە سێ جۆرەوە. ئەگەر لە سەرەتای وشە یا گرێ هات ئەوا پێی دەوترێ (prosthesis)، کە گۆڕانێکی دەنگییە و تیایدا ڤاوڵێك بۆ سەرەتای وشە زیاد دەکرێت. ئەگەر لەنێوان دوو کۆنسونانتدا هات ئەوا بە (anaptyxis) ناودەبرێت، کە ڤاوڵێك دەخرێتە نێوان دوو کۆنسانانتەوە. (ئەم جۆرە ڤاولانە پێشیان دەگوترێت ڤاوڵە ئەنگلییەکان. یان ئەوەی کە لە ڕێزماننوسیی هیندی بە زمانی سانسکریتی سڤارە بەهاکتی پیگوتراوە.) (مهرداد نغزگوی کهن۱۳۹۳: ۱۷۰) هەروەها ئەگەر هاتوو ڤاوڵەکە بۆ کۆتایی وشە یا گرێیەك زیادکرا ئەوا بە(paragoge) دەناسرێت.

## ٧- ناوبڕە ڤاوڵەکان لەزمانی کوردیدا

زۆربەی ڤاوڵەکانی زمانی کوردیدا لەتوانایاندایە ببن بە ناوبڕ. دەرکەوتنی ڤاوڵی ناوبڕیش لەزمانی کوردیدا بەپێی چەند یاسایەکی فۆنۆلۆژی دەبێت.

### ٧-١- یاساکانی دەرکەوتنی ناوبڕی ڤاوڵ

دەرکەوتنی ناوبڕە ڤاوڵەکان بەپێی یاسایەکی گشتی دەبێت کە بەسەر هەموو ناوبڕە ڤاوڵییەکاندا جێبەجێ دەبێت، کە لەم یاسایەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

Ø→v/c—+c

ئەم یاسایە بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە: ناوبڕی ڤاوڵ زیاد دەکرێت ئەگەر هاتوو دەوروبەرە فۆنۆلۆژییەکەی بریتی بێت لە هێشوە کۆنسونانتێکی دوانی لە سنووری نێوان دوو مۆڕفیمدا. بەواتایەکی تر ناوبڕی ڤاوڵ کاتێك دەردەکەوێت کە لە سنووری نێوان دوو مۆڕفیمدا دوو کۆنسونانت بەدوای یەکدا هاتبێ.

### ٧-١-١- دەرکەوتنی ناوبڕی ڤاولی (ە/ e)

زیادکردنی ناوبڕی ڤاولی (ە/ e) بەپێی چەند یاسایەکی تایبەت ڕێك دەخرێت، کە لە خوارەوەدا ڕوونکراوەتنەوە:



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

Ø→e
r—+k/w/n/ł
n—+w/ĉ
z—+c/w
d—+w/ł/n
m—+ł/w
p—+ł
t—+w/ł/m
k—+ł
j—+ł
g—+š/t/b
ɣ—+m
w—+r̂
q—+n
ł—+k
x—+w

ئەم یاسایەی سەرەوە بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە: ناوبڕی ڤاوڵی کورتی (ە/ e) زیاد دەکرێت، ئەگەر هاتوو لە دەوروبەری فۆنۆلۆژیی سنووری نێوان دوو مۆرفیمدا جووت کۆنسونانتەکانی: ((r-k/w/n/ł)، (n-w/ĉ)، (z-c/w)، (d-w/ł/n)، (m-ł/w)، (t-w/ł/m) (p-ł)، (j-ł)، (g-š/t/b)، (ɣ-m)، (w-r̂)، (q-n)، (ł-k)) و (x-w) بەدوای یەکدا هاتبێ.

یەکەم: ناوبڕی ڤاوڵی (ە/ e) دەردەکەوێت، ئەگەر هاتوو وشەیەك کۆتایی هاتبوو بە (ر)، پاشگرێکی خرابووە سەر کە بە یەکێك لەکۆنسونانتەکانی(ك، و، ن، ڵ) دەستی پێکردبوو، وەك لەم یاسایەدا هەیە:

Ø→e/r—+k/w/n/ł

وەك:

ر+ك : کارەکەر

ر+و: کوێرەوەری

ر+ن: سەرەند

ر+ڵ: باریکەڵە

دووەم: ناوبڕی ڤاوڵی (ە/e) دەردەکەوێت، ئەگەر هاتوو وشەیەك کۆتایی هاتبوو بە (ن)، پاشگرێکی خرابووە سەر کە بە یەکێك لەکۆنسونانتەکانی(و، چ) دەستی پێکردبوو، وەك لەم یاسایەدا هەیە:

Ø→e/n—+w/ĉ

وەك:

ن+و: نانەوا، بوونەوەر


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**ن+چ: بنەچە**

**سێیەم: ناوبڕی ڤاوڵی (ە/e) دەردەکەوێت، ئەگەر هاتوو وشەیەك کۆتایی هاتبوو بە (ز)، پاشگرێکی خرابووە سەر کە بە یەکێك لەکۆنسونانتەکانی (ڵ،ج، و، ن) دەستی پێکردبوو، وەك لەم یاسایەدا هەیە:**

Ø→e/z—+c/w

**وەك:**

**ز+ج: نێرگزەجاڕ**

**ز+و: ڤێزەوەن**

**چوارەم: ناوبڕی ڤاوڵی (ە/e) دەردەکەوێت، ئەگەر هاتوو وشەیەك کۆتایی هاتبوو بە (د)، پاشگرێکی خرابووە سەر کە بە یەکێك لەکۆنسونانتەکانی (و، ڵ، ن) دەستی پێکردبوو، وەك لەم یاسایەدا هەیە:**

Ø→e/d—+w/ł/n

**وەك:**

**د+و: ئومێدەوار، وردەواڵە**

**د+ڵ: بەردەڵان، گردەڵە**

**د+ن: بەردەنی**

**پێنجەم: ناوبڕی ڤاوڵی (ە/e) دەردەکەوێت، ئەگەر هاتوو وشەیەك کۆتایی هاتبوو بە (م)، پاشگرێکی خرابووە سەر کە بە یەکێك لەکۆنسونانتەکانی (ڵ، و) دەستی پێکردبوو، وەك لەم یاسایەدا هەیە:**

Ø→e/m—+ł/w

**وەك:**

**م+ڵ: نەرمەڵان**

**م+و: دەمەوانە**

**شەشەم: ناوبڕی ڤاوڵی (ە/e) دەردەکەوێت، ئەگەر هاتوو وشەیەك کۆتایی هاتبوو بە (پ)، پاشگرێکی خرابووە سەر کە بە یەکێك لەکۆنسونانتەکانی (ڵ) دەستی پێکردبوو، وەك لەم یاسایەدا هەیە:**

Ø→e/p—+ł

**وەك:**

**پ+ڵ: تۆپەڵ**

**حەوتەم: ناوبڕی ڤاوڵی (ە/e) دەردەکەوێت، ئەگەر هاتوو وشەیەك کۆتایی هاتبوو بە (ت)، پاشگرێکی خرابووە سەر کە بە یەکێك لەکۆنسونانتەکانی (و، ڵ، م) دەستی پێکردبوو، وەك لەم یاسایەدا هەیە:**

Ø→e/t—+w/ł/m

**وەك:**

**ت+و: بەختەوەر، لووتەوانە، دەستەوایی**

**ت+ڵ : ڕووتەڵە، بەستەڵۆك**

**ت+م: دەستەمۆ**


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

هەشتەم: ناوبڕی ڤاوڵی (e/ە) دەردەکەوێت، ئەگەر هاتوو وشەیەك کۆتایی هاتبوو بە (ك)، پاشگرێکی خرابووە سەر کە بە یەکێك لەکۆنسونانتەکانی (ڵ) دەستی پێکردبوو:

Ø→e/k—+ɫ

ك+ڵ: بووکەڵە، سووکەڵە

نۆیەم: ناوبڕی ڤاوڵی (e/ە) دەردەکەوێت، ئەگەر هاتوو وشەیەك کۆتایی هاتبوو بە (ژ)، پاشگرێکی خرابووە سەر کە بە یەکێك لەکۆنسونانتەکانی (ڵ) دەستی پێکردبوو:

Ø→e/j—+ɫ

ژ+ڵ: گێژەڵۆکە

دەیەم: ناوبڕی ڤاوڵی (e/ە) دەردەکەوێت، ئەگەر هاتوو وشەیەك کۆتایی هاتبوو بە (گ)، پاشگرێکی خرابووە سەر کە بە یەکێك لەکۆنسونانتەکانی (ش،ت،ب) دەستی پێکردبوو:

Ø→e/g—+š/t/b

گ+ش: بانگەشە

گ+ت: زەرگەتە

گ+ب: تەنگەبەر

یازدەم: ناوبڕی ڤاوڵی (e/ە) دەردەکەوێت، ئەگەر هاتوو وشەیەك کۆتایی هاتبوو بە (غ)، پاشگرێکی خرابووە سەر کە بە یەکێك لەکۆنسونانتەکانی (م) دەستی پێکردبوو:

Ø→e/ɣ—+m

غ+م: بەڵغەم

دوازدەم: ناوبڕی ڤاوڵی (e/ە) دەردەکەوێت، ئەگەر هاتوو وشەیەك کۆتایی هاتبوو بە (و)، پاشگرێکی خرابووە سەر کە بە یەکێك لەکۆنسونانتەکانی (ڕ) دەستی پێکردبوو:

Ø→e/w—+r̂

و+ر: دێوەرە

سێزدەم: ناوبڕی ڤاوڵی (e/ە) دەردەکەوێت، ئەگەر هاتوو وشەیەك کۆتایی هاتبوو بە (ق)، پاشگرێکی خرابووە سەر کە بە یەکێك لەکۆنسونانتەکانی (ن) دەستی پێکردبوو:

Ø→e/q—+n

ق+ن: لاقەژنە

چواردەم: ناوبڕی ڤاوڵی (ە) دەردەکەوێت، ئەگەر هاتوو وشەیەك کۆتایی هاتبوو بە (ڵ)، پاشگرێکی خرابووە سەر کە بە یەکێك لەکۆنسونانتەکانی (ك) دەستی پێکردبوو:

Ø→e/ɫ—+k

ڵ+ك: دەڵەك، کۆڵەك

پانزەم: ناوبڕی ڤاوڵی (e/ە) دەردەکەوێت، ئەگەر هاتوو وشەیەك کۆتایی هاتبوو بە (خ)، پاشگرێکی خرابووە سەر کە بە یەکێك لەکۆنسونانتەکانی (و) دەستی پێکردبوو:

Ø→e/x—+w


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

خ+و: شاخەوان

| جۆری ناوبڕی ڤاوڵ | ژمارەی دەوروبەر | ژمارە و ڕێژەی دەروووبەرەکانی هۆکاری نەهێشتنی قورسیی درکاندن | | ژمارە و ڕێژەی دەروووبەرەکانی هۆکاری شکاندنی هێشووە کۆنسنانت | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە |
| ناوبڕی ڤاوڵی (ە /e) | ٢٧ | ٢٢ | ٪٨١.٤٨ | ٥ | ٪٢٢.٧٢ |

خشتەی ژمارە -١-

ژمارە و ڕێژەی سەدیی هۆکارەکانی دەرکەوتنی ناوبڕی ڤاوڵی (ە /e)

وەك لە خشتەکەدا دەردەکەوێت لەکۆی بیست و حەوت دوروبەری فۆنۆلۆژی دەرکەوتنی ناوبڕی ڤاوڵی (ە /e)، لە بیست و دوو دەوروبەردا و بەڕێژەی ٪٨١.٤٨ بۆ هۆکاری نەهێشتنی قورسیی درکاندن و لە پێنج دەوروبەردا بەڕێژەی ٪٢٢.٧٢ بۆ هۆکاری شکاندنی هێشووە کۆنسنانت دەرکەوتووە.

٧-١-٢- دەرکەوتنی ناوبڕی ڤاوڵی بزرۆکە ( i)

زیادکردنی ناوبڕی ڤاوڵی بزرۆکە (i) بەپێی چەند یاسایەکی تایبەت ڕێك دەخرێت، کە لە خوارەوەدا ڕوونکراوەتنەوە:

Ø→i
n—+o/k/ĉ
t—+ y/k/m
k—+s
d—+s/m/l
m—+y/k
r-ř—+n/g/k
z—+n/k
j—+n
l-ɫ—+n/c/k
g—+n

ئەم یاسایەی سەرەوە بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە: ناوبڕی ڤاوڵی بزرۆکە (i) زیاد دەکرێت، ئەگەر هاتوو لە دەوروبەری فۆنۆلۆژیی سنووری نێوان دوو مۆرفیمدا جووت کۆنسونانتەکانی: ( n-o/k/ĉ) (t-y/k/m) (k-s) (d-s/m/l) (m-y/k) (r/ř-n/g/k) (z-n/k) (j-n) (l/ɫ-n/c/k) (g-n بەدوای یەکدا هاتبێ.

شازدەم: ناوبڕی ڤاوڵی بزرۆکە (i) دەردەکەوێت، ئەگەر هاتوو وشەیەك کۆتایی هاتبوو بە (ن)، پاشگرێکی خرابووە سەر کە بە یەکێك لەکۆنسونانتەکانی(ۆ، ك، چ) دەستی پێکردبوو:

Ø→i/n—+o/k/ĉ


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ن+ۆ: ترسنۆك

ن+ك: شینك

ن+چ: ڤنچك، بنچك

حەڤدەم: ناوبڕی ڤاوڵی بزرۆکە ( إ) دەردەکەوێت، ئەگەر هاتوو وشەیەك کۆتایی هاتبوو بە (ت)، پاشگرێکی خرابووە سەر کە بە یەکێك لەکۆنسونانتەکانی(ی، ك) دەستی پێکردبوو:

Ø→i̦/t—+y/k/m

ت+ی: بەختیار

ت+ك: پەتك

ت+م: نیشتمان

هەژدەم: ناوبڕی ڤاوڵی بزرۆکە (إ) دەردەکەوێت، ئەگەر هاتوو وشەیەك کۆتایی هاتبوو بە (ك)، پاشگرێکی خرابووە سەر کە بە یەکێك لەکۆنسونانتەکانی(س) دەستی پێکردبوو:

Ø→i̦/k—+s

ك+س: تاریکستان

نۆزدەم: بیستەم: ناوبڕی ڤاوڵی بزرۆکە (إ) دەردەکەوێت، ئەگەر هاتوو وشەیەك کۆتایی هاتبوو بە (د)، پاشگرێکی خرابووە سەر کە بە یەکێك لەکۆنسونانتەکانی(س،م، ل) دەستی پێکردبوو:

Ø→i̦/d—+s/m/l

د+س: کوردستان

د+م: شادمان

د+ل: گردۆلکە

بیست و یەك: ناوبڕی ڤاوڵی بزرۆکە (إ) دەردەکەوێت، ئەگەر هاتوو وشەیەك کۆتایی هاتبوو بە (م)، پاشگرێکی خرابووە سەر کە بە یەکێك لەکۆنسونانتەکانی(ی، ك) دەستی پێکردبوو:

Ø→i̦/m—+y/k

م+ی: گەرمیان

م+ك: نەرمك

بیست و دوو: ناوبڕی ڤاوڵی بزرۆکە (إ) دەردەکەوێت، ئەگەر هاتوو وشەیەك کۆتایی هاتبوو بە (ر/ڕ)، پاشگرێکی خرابووە سەر کە بە یەکێك لەکۆنسونانتەکانی(ن، گ، ك) دەستی پێکردبوو:

Ø→i̦/r-r̂—+n/g/k

ڕ+ن: دڕندە

ر+گ: بەرگ

ر+ك: ئەستورك، سۆرك

بیست و سێ: ناوبڕی ڤاوڵی بزرۆکە (إ) دەردەکەوێت، ئەگەر هاتوو وشەیەك کۆتایی هاتبوو بە (ز)، پاشگرێکی خرابووە سەر کە بە یەکێك لەکۆنسونانتەکانی(ن، ك) دەستی پێکردبوو:



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

Ø→ i/z—+n/k

ز+ن: گازندە

ز+ك: نازك

بیست و چوار: ناوبڕی ڤاوڵی بزرۆکە (i) دەردەکەوێت، ئەگەر هاتوو وشەیەك کۆتایی هاتبوو بە (ژ)، پاشگرێکی خرابووە سەر کە بە یەکێك لەکۆنسونانتەکانی(ن) دەستی پێکردبوو:

Ø→ i/j—+n

ژ+ن: بێژنگ

بیست و پێنج: ناوبڕی ڤاوڵی بزرۆکە (i) دەردەکەوێت، ئەگەر هاتوو وشەیەك کۆتایی هاتبوو بە (ل-ڵ)، پاشگرێکی خرابووە سەر کە بە یەکێك لەکۆنسونانتەکانی(ن، ج، ك) دەستی پێکردبوو:

Ø→ i/l-ɫ—+n/c/k

ل+ن: گولنگ

ڵ+ج: ماڵنج ، هێڵنج

ل+ك: شلك

بیست و شەش: ناوبڕی ڤاوڵی بزرۆکە (i) دەردەکەوێت، ئەگەر هاتوو وشەیەك کۆتایی هاتبوو بە (گ)، پاشگرێکی خرابووە سەر کە بە یەکێك لەکۆنسونانتەکانی(ن) دەستی پێکردبوو:

Ø→ i/g—+n

گ+ن: ورگن

| جۆری ناوبڕی ڤاوڵ | ژمارەی دەوروبەر | ژمارە و ڕێژەی دەوروو بەرەکانی هۆکاری نەهێشتنی قوڕسیی درکاندن | | ژمارە و ڕێژەی دەوروو بەرەکانی هۆکاری شکاندنی هێشووە کۆنسنانت | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە |
| ناوبڕی ڤاوڵی بزرۆکە (i) | ٢١ | ٤ | ٪١٩.٠٤ | ١٧ | ٪٨٠.٩٥ |

خشتەی ژمارە -٢-

ژمارە و ڕێژەی سەدیی هۆکارەکانی دەرکەوتنی ناوبڕی ڤاوڵی بزرۆکە (i)

وەك لە خشتەکەدا دەردەکەوێت لەکۆی بیست و یەك دەوروبەری فۆنۆلۆژی دەرکەوتنی ناوبڕی ڤاوڵی (بزرۆکە (i))، لە چوار دەوروبەردا و بەڕێژەی ٪١٩.٠٤ بۆ هۆکاری نەهێشتنی قوڕسیی درکاندن و لە حەڤدە دەوروبەردا بەڕێژەی ٪٨٠.٩٥ بۆ هۆکاری شکاندنی هێشووە کۆنسنانت دەرکەوتووە.

٣-١-٧- دەرکەوتنی ناوبڕی ڤاوڵ (ی/î)



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

زیادکردنی ناوبڕی ڤاوڵی (ی/î) بەپێی چەند یاسایەکی تایبەت ڕێك دەخرێت، کە لە خوارەوەدا ڕوونکراوەتنەوە:

Ø→î {
m—+z/l
ł —+n
n—+j
r-ȓ —+j/n/l
w —+l
j —+n
p —+t
d —+l

ئەم یاسایەی سەرەوە بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە: ناوبڕی ڤاوڵی (ی/î) زیاد دەکرێت، ئەگەر هاتوو لە دەوروبەری فۆنۆلۆژیی سنووری نێوان دوو مۆرفیمدا جووت کۆنسونانتەکانی: (m-z/l)( ł -n) (n-j) (r/ȓ j/n/l) (w - l) (j -n) (p -t) (d –l) بەدوای یەکدابێ.

بیست و حەوت: ناوبڕی ڤاوڵی (ی/î) دەردەکەوێت، ئەگەر هاتوو وشەیەك کۆتایی هاتبوو بە (م)، پاشگرێکی خرابووە سەر کە بە یەکێك لە کۆنسونانتەکانی (ل، ز) دەستی پێکردبوو:

Ø→î/m—+z/l

م+ل: جامیلکە

م+ز: ئادەمیزاد

بیست و هەشت: ناوبڕی ڤاوڵی (ی/î) دەردەکەوێت، ئەگەر هاتوو وشەیەك کۆتایی هاتبوو بە (ڵ)، پاشگرێکی خرابووە سەر کە بە یەکێك لەکۆنسونانتەکانی(ن) دەستی پێکردبوو:

Ø→î/ ł —+n

ڵ+ن: گوڵینگ

بیست و نۆ: ناوبڕی ڤاوڵی (ی/î) دەردەکەوێت، ئەگەر هاتوو وشەیەك کۆتایی هاتبوو بە (ن)، پاشگرێکی خرابووە سەر کە بە یەکێك لەکۆنسونانتەکانی(ژ) دەستی پێکردبوو:

Ø→î/n—+j

ن+ژ: بانیژە

سی: ناوبڕی ڤاوڵی (ی/î) دەردەکەوێت، ئەگەر هاتوو وشەیەك کۆتایی هاتبوو بە (ر-ڕ)، پاشگرێکی خرابووە سەر کە بە یەکێك لەکۆنسونانتەکانی(ژ، ل) دەستی پێکردبوو:

Ø→î/ r-ȓ —+j/l

ڕ+ژ: کوڕیژگە

ر+ل: کاریلە


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

سی و یەك: ناوبڕی ڤاوڵی (ی/î) دەردەکەوێت، ئەگەر هاتوو وشەیەك کۆتایی هاتبوو بە (و)، پاشگرێکی خرابووە سەر کە بە یەکێك لەکۆنسونانتەکانی(ل) دەستی پێکردبوو:

Ø→Î/ w —+l

و+ل: چاویلکە

سی و دوو: ناوبڕی ڤاوڵی (ی/î) دەردەکەوێت، ئەگەر هاتوو وشەیەك کۆتایی هاتبوو بە (ژ)، پاشگرێکی خرابووە سەر کە بە یەکێك لەکۆنسونانتەکانی(ن) دەستی پێکردبوو:

Ø→Î/ j —+n

ژ+ن: بێژینگ

سی و سێ: ناوبڕی ڤاوڵی (ی/î) دەردەکەوێت، ئەگەر هاتوو وشەیەك کۆتایی هاتبوو بە (پ)، پاشگرێکی خرابووە سەر کە بە یەکێك لەکۆنسونانتەکانی(ت) دەستی پێکردبوو:

Ø→Î/ p —+t

پ+ت: پۆپیتە

سی و چوار: ناوبڕی ڤاوڵی (ی/î) دەردەکەوێت، ئەگەر هاتوو وشەیەك کۆتایی هاتبوو بە (د)، پاشگرێکی خرابووە سەر کە بە یەکێك لەکۆنسونانتەکانی(ل) دەستی پێکردبوو:

Ø→Î/ d —+l

د+ل: وردیلە

| جۆری ناوبڕی ڤاوڵ | ژمارەی دەوروبەر | ژمارە و ڕێژەی دەورووبەرەکانی هۆکاری نەهێشتنی قوڕسیی درکاندن | | ژمارە و ڕێژەی دەورووبەرەکانی هۆکاری شکاندنی هێشووە کۆنسنانت | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە |
| ناوبڕی ڤاوڵی (ی/î) | ١٠ | ٥ | ٪٥٠ | ٥ | ٪٥٠ |

خشتەی ژمارە -٣-

ژمارە و ڕێژەی سەدیی هۆکارەکانی دەرکەوتنی ناوبڕی ڤاوڵی (ی/î)

وەك لە خشتەکەدا دەردەکەوێت لەکۆی دە دەوروبەری فۆنۆلۆژی دەرکەوتنی ناوبڕی ڤاوڵی (ی/î)، لە پێنج دەوروبەردا و بەڕێژەی ٥٠٪ بۆ هۆکاری نەهێشتنی قوڕسیی درکاندن و لە پێنج دەوروبەردا بەڕێژەی ٥٠٪ بۆ هۆکاری شکاندنی هێشووە کۆنسنانت دەرکەوتووە.

٤-١-٧- دەرکەوتنی ناوبڕی ڤاوڵ (ۆ/o)

زیادکردنی ناوبڕی ڤاوڵی (ۆ/o) بەپێی چەند یاسایەکی تایبەت ڕێك دەخرێت، کە لە خوارەوەدا ڕوونکراوەتنەوە:


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

$$\emptyset \rightarrow o \left\{ \begin{array}{l} f\text{—}+k \\ r\text{-}\hat{r}\text{—}+k/\hat{c} \\ g\text{—}+ł \\ d\text{—}+l \end{array} \right.$$

**ئەم یاسایەی سەرەوە بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە: ناوبڕی ڤاولی (ۆ/o) زیاد دەکرێت، ئەگەر هاتوو لە دەورووبەری فۆنۆلۆژیی سنووری نێوان دوو مۆرفیمدا جووت کۆنسونانتەکانی: (f-k) (r/r̂-k/ĉ)( g-ł) (d-l) بەدوای یەکدا هاتبێ.**

**سی و پێنج: ناوبڕی ڤاوڵ (ۆ/o) دەردەکەوێت، ئەگەر هاتوو وشەیەك کۆتایی هاتبوو بە (ف)، پاشگرێکی خرابووە سەر کە بە یەکێك لەکۆنسونانتەکانی(ك) دەستی پێکردبوو:**

Ø→o/ f —+k

**ف+ك: لیفۆکە**

**سی و شەش: ناوبڕی ڤاوڵ (ۆ/o) دەردەکەوێت، ئەگەر هاتوو وشەیەك کۆتایی هاتبوو بە (ر-ڕ)، پاشگرێکی خرابووە سەر کە بە یەکێك لەکۆنسونانتەکانی(ك، چ) دەستی پێکردبوو:**

Ø→o/ r-r̂—+k/ĉ

**ڕ+ك: کەپرۆکە، مەنجەڵۆکە**

**ر+چ: شارۆچکە**

**سی و حەوت: ناوبڕی ڤاوڵ (ۆ/o) دەردەکەوێت، ئەگەر هاتوو وشەیەك کۆتایی هاتبوو بە (گ)، پاشگرێکی خرابووە سەر کە بە یەکێك لەکۆنسونانتەکانی(ڵ) دەستی پێکردبوو:**

Ø→o/ g—+ł

**گ+ڵ: زەنگۆڵە**

**سی و هەشت: ناوبڕی ڤاوڵ (ۆ/o) دەردەکەوێت، ئەگەر هاتوو وشەیەك کۆتایی هاتبوو بە (د)، پاشگرێکی خرابووە سەر کە بە یەکێك لەکۆنسونانتەکانی(ل) دەستی پێکردبوو:**

Ø→o/ d—+l

**د+ل: گردۆلکە**

| جۆری ناوبڕی ڤاوڵ | ژمارەی دەوروبەر | ژمارە و ڕێژەی دەورووبەرەکانی هۆکاری نەهێشتنی قورسیی درکاندن | | ژمارە و ڕێژەی دەورووبەرەکانی هۆکاری شکاندنی هێشووە کۆنسنانت | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە |
| ناوبڕی ڤاولی (ۆ/o) | ٥ | ٢ | ٪٤٠ | ٣ | ٪٦٠ |

**خشتەی ژمارە -٤-**



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ژمارە و ڕێژەی سەدیی هۆکارەکانی دەرکەوتنی ناوبڕی ڤاوڵی (ۆ/o)

وەك لە خشتەکەدا دەردەکەوێت لەکۆی پێنج دەوروبەری فۆنۆلۆژی دەرکەوتنی ناوبڕی ڤاوڵی (ۆ/o)، لە دوو دەوروبەردا و بەڕێژەی ٤٠٪ بۆ هۆکاری نەهێشتنی قوڕسیی درکاندن و لە سێ دەوروبەردا بەڕێژەی ٦٠٪ بۆ هۆکاری شکاندنی هێشووە کۆنسنانت دەرکەوتووە.

٥-١-٧- دەرکەوتنی ناوبڕی ڤاوڵی (ێ /ê)

زیادکردنی ناوبڕی ڤاوڵی (ێ /ê) بەپێی چەند یاسایەکی تایبەت ڕێك دەخرێت، کە لە خوارەوەدا ڕوونکراوەتنەوە:

Ø→ê { r-ȓ—+j/n ; k—+n }

ئەم یاسایەی سەرەوە بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە: ناوبڕی ڤاوڵی (ێ /ê) زیاد دەکرێت، ئەگەر هاتوو لە دەوروبەری فۆنۆلۆژیی سنووری نێوان دوو مۆڕفیمدا جووت کۆنسونانتەکانی: (r/ȓ-j/n) (k-n) بەدوای یەکدا هاتبێ.

سی و نۆ: ناوبڕی ڤاوڵ (ێ/ê) دەردەکەوێت، ئەگەر هاتوو وشەیەك کۆتایی هاتبوو بە (ر-ڕ)، پاشگرێکی خرابووە سەر کە بە یەکێك لەکۆنسونانتەکانی(ژ، ن) دەستی پێکردبوو:

Ø→ê/r—+j/n

ر+ژ: سورێژە

چل: ناوبڕی ڤاوڵ (ێ/ê) دەردەکەوێت، ئەگەر هاتوو وشەیەك کۆتایی هاتبوو بە (ك)، پاشگرێکی خرابووە سەر کە بە یەکێك لەکۆنسوناتەکانی(ن) دەستی پێکردبوو:

Ø→ê/k—+n

ك+ن: نیسکێنە

| جۆری ناوبڕی ڤاوڵ | ژمارەی دەوروبەر | ژمارە و ڕێژەی دەورووبەرەکانی هۆکاری نەهێشتنی قوڕسیی درکاندن | | ژمارە و ڕێژەی دەورووبەرەکانی هۆکاری شکاندنی هێشووە کۆنسنانت | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە |
| ناوبڕی ڤاوڵی (ێ /ê) | ٢ | ٢ | ١٠٠٪ | ٠ | ٠٪ |

خشتەی ژمارە -٥-

ژمارە و ڕێژەی سەدیی هۆکارەکانی دەرکەوتنی ناوبڕی ڤاوڵی (ێ /ê)


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

وەك لە خشتەکەدا دەردەکەوێت لەکۆی دوو دەورووبەری فۆنۆلۆژی دەرکەوتنی ناوبڕی ڤاوڵی (ێ /ê)، لە دوو دەورووبەردا و بەرێژەی ١٠٠٪ بۆ هۆکاری نەهێشتنی قورسیی درکاندن و لە سفر دەورووبەردا بەرێژەی ٠٪ بۆ هۆکاری شکاندنی هێشووە کۆنسنانت دەرکەوتووە.

٦-١-٧- دەرکەوتنی ناوبڕی ڤاوڵی (و/u)

زیادکردنی ناوبڕی ڤاوڵی (و/u) بەپێی چەند یاسایەکی تایبەت ڕێك دەخرێت، کە لە خوارەوەدا ڕوونکراوەتنەوە:

$$\emptyset \rightarrow u \begin{cases} š—+l \\ p—+ĉ \end{cases}$$

ئەم یاسایەی سەرەوە بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە: ناوبڕی ڤاوڵی (و/u) زیاد دەکرێت، ئەگەر هاتوو لە دەورووبەری فۆنۆلۆژیی سنووری نێوان دوو مۆرفیمدا جووت کۆنسونانتەکانی: (p-ĉ) (š-l) بەدوای یەکدا هاتبێ.

چل و یەك: ناوبڕی ڤاوڵ (و/u) دەردەکەوێت، ئەگەر هاتوو وشەیەك کۆتایی هاتبوو بە (ش)، پاشگرێکی خرابووە سەر کە بە یەکێك لەکۆنسونانتەکانی(ل) دەستی پێکردبوو:

$$\emptyset \rightarrow u/š—+l$$

ش+ل: جاشولکە

چل و دوو: ناوبڕی ڤاوڵ (و/u) دەردەکەوێت، ئەگەر هاتوو وشەیەك کۆتایی هاتبوو بە (پ)، پاشگرێکی خرابووە سەر کە بە یەکێك لەکۆنسونانتەکانی(چ) دەستی پێکردبوو:

$$\emptyset \rightarrow u/p—+ĉ$$

پ+چ: قاپوچکە

| جۆری ناوبڕی ڤاوڵ | ژمارەی دەورووبەر | ژمارە و ڕێژەی دەورووبەرەکانی هۆکاری نەهێشتنی قورسیی درکاندن | | ژمارە و ڕێژەی دەورووبەرەکانی هۆکاری شکاندنی هێشووە کۆنسنانت | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە |
| ناوبڕی ڤاوڵی (و/u) | ٢ | ٠ | ٠٪ | ٢ | ١٠٠٪ |

خشتەی ژمارە -٦-

ژمارە و ڕێژەی سەدیی هۆکارەکانی دەرکەوتنی ناوبڕی ڤاوڵی (و/u)

وەك لە خشتەکەدا دەردەکەوێت لەکۆی دوو دەورووبەری فۆنۆلۆژی دەرکەوتنی ناوبڕی ڤاوڵی (و/u)، لە سفر دەورووبەردا بەرێژەی ٠٪ بۆ هۆکاری نەهێشتنی قورسیی درکاندن و دوو دەورووبەردا و بەرێژەی ١٠٠٪ بۆ هۆکاری شکاندنی هێشووە کۆنسنانت دەرکەوتووە.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## ئەنجام

١- بەپێی ئەو داتایەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا پشتی پێبەستراوە و لە خشتەی ٧ دا ڕوونکراوەتەوە، دەرکەوتنی ناوبڕە ڤاوڵەکان لەزمانی کوردیدا، بۆ دوو هۆکار دەگەڕێنەوە، کە بریتین لە هۆکاری نەهێشتنی قوڕسیی درکاندن و شکاندنی هێشووە کۆنسنانت.

| جۆری ناوبڕی ڤاوڵ | ژمارە و ڕێژەی دەوروبەر | | ژمارە و ڕێژەی دەوروبەرەکانی هۆکاری نەهێشتنی قوڕسیی درکاندن | | ژمارە و ڕێژەی دەوروبەرەکانی هۆکاری شکاندنی هێشووە کۆنسنانت | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە |
| ناوبڕی ڤاوڵی (ە /e) | ٢٧ | ٤٠.٢٩٪ | ٢٢ | ٣٢.٨٣٪ | ٥ | ٧.٤٦٪ |
| ناوبڕی ڤاوڵی بزرۆکە (i) | ٢١ | ٣١.٣٤٪ | ٤ | ٥.٩٧٪ | ١٧ | ٢٥.٣٧٪ |
| ناوبڕی ڤاوڵی (ی/î) | ١٠ | ١٤.٩٢٪ | ٥ | ٧.٤٦٪ | ٥ | ٧.٤٦٪ |
| ناوبڕی ڤاوڵی (ۆ/o) | ٥ | ٧.٤٦٪ | ٢ | ٢.٩٨٪ | ٣ | ٦٠٪ |
| ناوبڕی ڤاوڵی (ێ /ê) | ٢ | ٢.٩٨٪ | ٢ | ٢.٩٨٪ | ٠ | ٠٪ |
| ناوبڕی ڤاوڵی (و/u) | ٢ | ٢.٩٨٪ | ٠ | ٠٪ | ٢ | ٢.٩٨٪ |
| کۆی گشتی | ٦٧ | ١٠٠٪ | ٣٥ | ٥٢.٢٣٪ | ٣٢ | ٤٧.٧٦٪ |

خشتەی ژمارە -٧-

ژمارە و ڕێژەی سەدیی هۆکارەکانی دەرکەوتنی ناوبڕە ڤاوڵەکان بەگوێرەی کۆی گشتیی ناوبڕە ڤاوڵەکان

٢- لە کۆی شەست و حەوت دەوروبەردا ناوبڕی ڤاوڵی (ە /e)، بەربڵاوترین ڤاوڵی ناوبڕە و لە بیست و حەوت دەوروبەردا بەڕێژەی سەدیی ٤٠.٢٩٪ دێت و لەدوای ئەویش ناوبڕی ڤاوڵی بزرۆکە (i) دێت کە لە بیست و یەك دەوروبەردا و بەڕێژەی سەدیی ٣١.٣٤٪، پاشان ناوبڕی ڤاوڵی (ی/î) کە لە دە دەوروبەردا و بەڕێژەی سەدیی ١٤.٩٢٪، ئینجا ناوبڕی ڤاوڵی (ۆ/o)، کە کە لە پێنج دەوروبەردا و بەڕێژەی سەدیی ٧.٤٦٪ و لە کۆتاییدا هەریەکە لە ناوبڕی ڤاوڵی (ێ /ê) و ناوبڕی ڤاوڵی (و/u) دێن، کە لە دوو دەوروبەردا و بەڕێژەی سەدیی ٢.٩٨٪ دەردەکەون.

٣- لە کۆی ئەم شەست و حەوت دەوروبەردا، ڤاوڵی (ا/a) لەتوانایدا نەبووە ببێتە ناوبڕ.

٤- دەرکەوتنی ناوبڕی (ە /e)، زیاتر لەتوانایدایە کە ببێتە هۆکاری نەهێشتنی قوڕسیی درکاندن.

٥- دەرکەوتنی ناوبڕی بزرۆکە (i) و (ۆ/o)، زیاتر لەتوانایاندایە کە ببنە هۆکاری شکاندنی هێشووە کۆنسنانت.

٦- دەرکەوتنی ناوبڕی (ی/î)، لەتوانایدایە کە بەشێوەیەکی یەکسان ببێتە هۆکاری نەهێشتنی قوڕسیی درکاندن و شکاندنی هێشووە کۆنسنانت.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

٧- دەرکەوتنی ناوبڕی (ێ /ê)، تەنیا لەتوانایدایە کە ببێتە هۆکاری نەهێشتنی قوڕسیی درکاندن و ناوبڕی (و/u)، تەنیا لەتوانایدایە کە ببێتە هۆکاری شکاندنی هێشووە کۆنسنانت.

## سەرچاوەکان


- سەرچاوە بە کوردی

- ئەورەحمانی حاجی مارف، زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٦.
- تالیب حسێن عەلی، فۆنۆلۆژی کوردی و دیاردەی ئاسانبوونی فۆنێمەکان لە زاری سلێمانیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، ١٩٨٩.
- دولبەری ئیبراهیم فەرەج شاڵی، یاسا دەنگییەکانی زمانی کوردی، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٠.
- عەبدوللا حوسێن رەسول، مۆڕفیمە ڕێزمانییەکانی کار، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٤.
- غازی علی خورشید، فۆنەتیك و فۆنۆلۆژی، سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٠.
- محەمەد مەعروف فتاح، زمانەوانی، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ١٩٩٠.
- وریا عمر ئەمین، ((لە یاسا دەنگییەکانی زمانی کوردی)) لە کتێبی (ئاسۆیەکی تری زمانەونی)، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤.

- سەرچاوە بە فارسی

- آزیتا افراشی، ساخت زبان فارسی، سمت، تهران، ۱۳۸۶.
- عالیه کرد زعفرانلو کامبوزیا، واج شناسی- رویکردهای قاعیده بنیاد، سمت، تهران، ۱۳۸۵.
- علی محمد حق شناس، آواشناسی، انتشارات آگاه، چاپ نهم، تهران، ۱۳۸۳.
- ویکتوریا فرامکین و همکاران، درآمدی بر زبان(زبان شناسی همگانی)، ت: علی بهرامی و سهیلا ضیاءالدین، رهنما، چاپ اول-ویرایست هفتم، تهران، ۱۳۸۷.
- مهدی مشکوه الدینی، ساخت آوایی زبان، چاپ پنجم، دانشگاه فردوسی مشهد، مشهد، ۱۳۸۵.
- مهرداد نغزگوی کهن، (با همکاری شادی داوری)، فرهنگ توصیفی زبان شناسی تاریخی، علمی، تهران، ۱۳۹۳.




کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

- سەرچاوە بە ئینگلیزی

- Crowley, T., An Introduction to Historical Linguistics, Oxford, University press, 1997.

- ئەنتەرنێت

- http://www.werriamwebster.com/dictionary/epenthesis



e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**الملخص**

**هذا البحث يبحث عن تحديد مقاطع الأصوات الحركية (الصائتة) ، في اللغة الكوردية ، ونسبة استعمال كل واحدة من هذه الإضافات في الفاصلة ، والذين كتبوا أو بحثوا عن الإضافات في اللغة الكوردية ، فقط بحثوا أو كتبوا عن المقاطع الحركية (الصائت) بين حرفين صامتين صحيحين ، ولم يُبحث إلى الأن عن المقاطع المتحركة الصحيحة (الصامتة) والتي تكون بزيادة أو أضافة صوت بين (صائتين) في حدود وحدتين صوتيتين متتاليتين ، وأشهر صائت في اللغة الكوردية هو(ە) وأقلهم شهرة (و، ی).**



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)